https://doi.org/10.54809/jkss.vi3.88

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ماملەکردنی رۆژنامەگەریی کوردیی لەگەڵ دیاردەی توندوتیژیی سیاسیی

**م بەهرۆز عەلی رەسوڵ**

بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

bahrozraswl@yahoo.com

**پ ی د عومەر ئەحمەد رەمەزان**

بەشی راگەیاندن/ کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

Omer.ramazan@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە چۆنێتیی ماملەکردنی رۆژنامەگەریی کوردیی لە هەرێمی کوردستان دەربخات دەربارەی دیاردەی توندوتیژیی سیاسیی و، پشکنینی تەرزی تایبەتکراو بە دەربڕیین و بایەخدانی توندوتیژیی سیاسیی لە قاڵبەهونەرییەکانی رۆژنامەنووسیی دا. بۆ ئەم مەبەستە لە توێژینەوەیەکی وەسفیی دا لە رێی رووپێوییەکەوە بۆ ئەو داتایانەی بەردەستن لە رۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، خەبات، هاوڵاتی) کە وەک نموونەپشکنیین (سامپڵ) بەکارهێنراون و، بە رێگای شیکاری ناوەرۆک بابەتەکانی پێ شیکراوە. رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەڕووی چەندێتیی بۆ رووماڵکردنی بابەتی توندوتیژیی سیاسیی بە ٤١ ٪ ی کۆی بابەتەکانی پێکهێناوە و، لە پێشەوەی هاوڵاتی (٣٦٪) و خەبات (٢٣٪) دێت. بەپێی رێژەکان هەردوو رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و خەبات) لایەنگیرییکردنی خۆیان پاراستووە لە رێی جەختکردنیان لەسەر (توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی بە رێژەی ٨٦.٣٪)، واتە ئەو توندوتیژییانەی، کە لەلایەن خەڵک و بەرهەڵستکارانەوە کراونەتە سەر حکومەت، بەڵام رۆژنامەی (هاوڵاتی) ، زیاتر وەک ئۆرگانێکی کۆمەڵگەی مەدەنیی و هەندێکجاریش وەک ئۆپۆزسیۆن کاریکردووە، کەجەختی لەسەر (توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی ٨١٪) کردۆتەوە، واتە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوەتەسەر خەڵک. هونەری وتار بە رێژی ٣٦.١٪ پلەی یەکەمی ئامادەبوونی هەیە وەک لە تەرزەکانی تر، زیاتر لە راپۆرتەهەوڵ (٢٨٪). رووماڵکردنی کوشتن (٢٧٪) لە هەموو دۆخەکانی تر زاڵترە تەنانەت بەسەر دەستگییرکردندا (٢٣.٣٪) ، جگە لەوەی کە توندوتیژییە رووماڵکراوەکان کە لەسەر هاولاتی ئاساییە (٥٢.٣٪) لە سەروو کەسەکانی ترەوەیە. توێژیینەوەکە ئەوەی بۆ ساغبۆتەوە کە سەرباری ئەوەی پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان رۆژنامەگەریی و دیاردەی توندوتیژیی سیاسییدا هەیە، بەڵام نارۆشنیی لە سیستمی میدیادا لە هەرێمی کوردستان هۆکارێکی زەقە لە لایەنگیرییکردن و لادەستدانی جۆرێک لە متمانە، وایکردووە رۆژنامەکان بەبێ رەچاوکردنی بابەتیبوون و لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتیی، رووماڵی توندوتیژیی سیاسییان کردوە و لە هەندێ حاڵەت خۆیان بوون بە بەشێک لە بەرهەمهێنانی گوتاری توندوتیژیی سیاسیی.

**کلیلە وشەکان: ماملەکردنی رۆژنامەوانیی، توندوتیژیی سیاسیی، توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی، توندوتیژی سیاسیی نافەرمیی، توندوتیژیی سیاسیی نەتەوەیی.**

Recieved: 22/4/2022
Accepted: 2/6/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان هەتا ڕادەیەکی بەرچاو، گرنگیی بە بابەت و دیاردە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکان داوە، لەوانەش دیاردەی توندوتیژیی سیاسیی، کە بەدەرنیە لەو دیاردانەی لە هەرێمی کوردستان دا هەیە و، جێکەوتەی کۆمەڵایەتیی لێکەوتۆتەوە و کاریگەریی لەسەر ڕۆژنامەکان دروستکردووە، لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەکانیش کاریگەرییان کەوتۆتەسەر و ڕەنگدانەوەی بەرچاویان پێوەدیارە، کە زۆرجار وایکردووە ڕۆژنامەکان خۆیان بوون بە بەشێک لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی سیاسیی.

بۆیە، ڕۆژنامەسیاسییەکان وەک زمانحاڵی حوکومەت یان حیزبی سیاسیی ، یان ڕۆژنامەی سیاسیی تایبەت (ئەهلیی)، هەمیشە ئامادەی ڕووداوە توندوتیژییە سیاسییەکانن بە هەر تەرز و میکانیزمێک بێت، ستراکچەری لاپەڕەکانیان بۆ تەرخانکردووە. لە بەرامبەریشدا، توێژینەوەگەلێکی گرنگ لەسەر ئاستی جیهانیی و عەرەبیی بەجێهێنراون بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای ڕۆژنامەکان و ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی لە ئاستی توندوتیژیی سیاسییدا. بەدەر لە لێکۆڵینەوەی ئەژماریی، لەهەمان کاتدا، ڕۆچوونەتە ناو درووستیی ڕووداوەکان و، تەنانەت هەڵوێست یان بێلایەنیی لەسەر ئەو ڕووداوانە هەرچییەک بوو بن. چەند نموونەیەک لەو توێژینەوانە مایەی ئاماژەپێدانن، وەک:

١ ) توێژینەوەی ( شنطي) بەناونیشانی دور وسائل الاعلام في زيادة العنف السياسي في عمليات التغير السياسي – مصر نموذجا " (١)

ئەم تۆژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی ڕۆڵی میدیا لە زۆرکردنی توندوتیژیی سیاسیی لە پرۆسەی گۆڕانکاریی لەمیسردا، لەماوەی نێوان کەوتنی ڕژێمی حوسنی موبارەک و هاتنەسەرکاری عبدولفەتاح سیسی، کە میتۆدی ڕووپێویی بەکارهێناوە بە شێوازی ئامرازی شیکاری ناوەڕۆک، کە ڕووپێویی ژمارەیەک بەرنامەی تەلەفزیۆنیی کەناڵەکانی میسر و چەند پێگەیەکی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکی کردووە، هەروەها تیۆرییەکانی( ئەجنداسازیی و چواچێوەسازیی ) بەکارهێناوە و گەیشتۆتە ئەم دەرەنجامانە:

-کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی میسر، دیمەنی تراژیدیی و پڕ کێشمە و توندوتیژیی سیاسییانەیان، لە ماوەی توێژینەوەکەدا نمایشکردوە، کە زیاتر ڕۆڵیان هەبووە لە درووستکردن و زیادکردنی توندوتیژیی.

-پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، بەزۆری دیمەنی پێکدادان و سروشتی شۆڕشگێریی بە هەموو جۆرەکانییەوە نمایش دەکەن، کە ڕەوایەتیی بە توندوتیژیی میللیی لە دژی دەسەڵات دەبەخشن.

٢) توێژینەوەی (السبع، ٢٠٠٩ ) بەناونیشانی « معالجة الصحافة القضايا العنف السياسي في المملكة البحرين» (٢)

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە کێشەی توندوتیژیی سیاسیی لە دەوڵەتی بەحرەین بناسێنێت، کە لە دووتوێی ڕۆژنامەکانی (اخبار الخليج و الوسط ) بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ دەرخستنی ئاراستە سیاسیی و هزرییەکان دا، کە بۆ چارەسەری کێشەکان خراونەتەڕوو، کە گەیشتۆتە کۆمەڵێک دەرەنجام لەوانە:-

هەبوونی هاوسەنگیی و نزیکیی لە نێوان هەردوو ڕۆژنامەکە، دەربارەی گرنگیدانییان لەڕووی چەندێتیی، سەبارەت بە بابەتی توندوتیژیی سیاسیی لە بەحرەین.

٣ ) توێژینەوەی (Zeneb , ٢٠١٢ ) بەناونیشانی "the role of media in ethnic violence during political transition

in africa ; the case of Rwanda and kenya " (٣)

ئەم توێژینەوەیە هەڵوێستەیەکە، لەسەر رۆڵی میدیاکان دەربارەی ململانێی سیاسیی لە ئەفریقادا، کە کێشەی توندوتیژیی رەگەزیی نێوان کینیا و روەندای بەنموونە هێناوەتەوە، بەجۆرێک کەناڵەکانی میدیا رۆڵیان هەبووە لە ئاڵۆزکردنی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٩٤ ی روەندا و توندوتیژەکانی کینیا، کە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنی ٢٠٠٧ کەوتبوونەوە.

لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە دە ساڵی رابردوودا، پەیتا پەیتا گرژیی و رووداوی سیاسیی و بەرپەرچیی توندوتیژیی لە هەرێمی کوردستان هەبووە، لە رووبەڕووبوونەی دەسەڵات لەلایەن خەڵک و هەوادارانی حیزبی ئۆپۆزسیۆنەوە و لێکەوتنەوەی توندوتیژیی بە مەبەستانەوە، رۆژنامە سیاسییەکانی سەر بە حیزب و کەرتی تایبەت، ئەم رووداوانەیان لە تەرز و میکانیزمی رۆژنامەگەریی و لە شێوەکانی توندوتیژییدا دەربڕییوە. ئەمەش پرسیاری لای توێژەر درووستکردووە و بووە بەشێک لە کێشە و گریمانە بۆ ئەم توێژینەوەیە، کە هەوڵیداوە لەرێگەی میتۆدێکی زانستییەوە ئامانجە گشتییەکانی دەستنییشانبکات و هەوڵی بەدەستخستنی چەندیین دەرئەنجامی گرنگ بدات.

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکیی پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە (میتۆدنامە) واتە رێکاری توێژینەوەیی، کە کێشە و پرسیار و گرنگیی و ئامانجی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە، لەگەڵ دەستنێشانکردنی جۆر و میتۆد و کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها بەشی دووەم تایبەتە بە (تیۆریینامە) کە تایبەتە بە پێناسەی زاراوەی توندتوتیژیی و جۆر و خەسڵەتەکانی توندوتیژیی سیاسیی، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە خستنەڕووی داتا و شیکارکردنی داتاکانی سامپڵی توێژینەوەکە.
بەهۆی ئەوەی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان، تا رادەیەکی زۆر بەربڵاو و ناسیستماتیکە، لەزۆر بارودۆخدا بەشێوەیەکی نابابەتیبوون و بەبێ رەچاوکردنی بنەما ئیتکییەکان و بنەما پیشەییەکان، رووماڵی بابەتە سیاسییەکانیان کردووە.
یەکێک لەو کێماسیانەی ململانێی ناتەندروستی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، کە بووە بە دیاردەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی، دیاردەی توندوتیژیی سیاسییە، کە جێکەوتەیەکی دیار و بەرچاوی لەسەر میدیا و رۆژنامەکان بەجێهێشتووە، بەجۆرێک زۆرجار رۆژنامەکان بەبێ رەچاوکردنی بەرپرسیارێتیی بەرامبەر کۆمەڵگە و مامەڵەکردنێکی پیشەییانە لەگەڵ ئەو دیاردەیە و، خستنەڕووی پێشنیازەکان و چارەسەرەکان، خۆیان بوون بە بەشێک لە نانەوەی توندوتیژیی، لە رێگەی لایەنگیریکردنی لایەنێکی سیاسیی، یاخود پیرۆزکردنی توندوتیژیی، بەتایبەتی لای رۆژنامەکانی سەر بە پارتە سیاییەکان، کە بەگوێرەی سیاسەت و ستراتیژیی ئەو لایەنەی خاوەندارێتییان دەکات، لەناو گوتاری پەیامی رۆژنامەکانییان رەواجیانداوە بە توندوتیژیی سیاسیی.
لەم روانگەیەوە، توێژەر بابەتی توندوتیژیی سیاسیی، وەک کێشەی توێژینەوەکە دیاریکردووە و هەوڵیداوە لەو رێگایەوە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بداتەوە، کە ئامانەن :

١-ئایا رۆژنامەگەریی کوردیی، گرنگیداوە بە دیاردەی توندوتیژیی سیاسیی؟

٢-جۆری ئەو توندوتیژییە ساسییانە چین، کە رۆژنامەگەریی کوردیی رووماڵیکردوون؟

٣-ئەو قاڵبە هونەرییانە چین، کە رۆژنامەگەریی کوردیی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆسییەی توندوتیژیی سیاسییدا بەکاریهێناون؟

٤-دیارترین رووداوە توندوتیژییە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان کامانەن، کە رۆژنامەگەریی کوردیی مامەڵەی رۆژنامەنووسیی لەگەڵدا کردوون؟

٥-هەتا چەند رۆژنامەگەریی کوردیی، بابەتییانە و بەپێی پرەنسیپەکانی ئاکاریی کاری رۆژنامەگەریی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی و نیشتمانیی، مامەڵەی لەگەڵ دیاردەی توندوتیژیی سیاسیی کردووە؟

ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگییەکی هەیە، لەوانە: یەکەم توێژینەوەیە لە بارەی توندوتیژیی سیاسیی، بەجێهێنرابێت و لە پەیوەندیی نێوان رۆژنامەگەریی و دیاردەی توندتوتیژیی سیاسیی بکۆڵێتەوە.
ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئاستی بایەخ و گرنگیدانی رۆژنامەگەریی کوردیی بە کێشەی توندوتیژیی سیاسییەوە دەربخات، لە رووی چەندێتیی و چۆنێتییەوە و، لێرەوە ئاشکراکردنی رۆڵی هێز و کەسایەتییە کاریگەرەکان لە بەرپاکردنی توندوتیژیی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان، کە لەناو رۆژنامەگەریی کوردییدا رەنگیانداوەتەوە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات جۆرەکانی ئەو توندوتیژییە سیاسییانە بە زانستییانە، دەستنیشانبکات، کە لەهەرێمی کوردستان دیارن و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی هەیە، بێگومان گرنگییدانیش بە بەراوردکارییەک لە نێوان رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە چۆنێتیی رووماڵکردنی رووداوە توندوتیژییە سیاسییەکان. هەروەها توێژەر مەبەستییەتی کە ئەم توێژینەوەیە ببێت بە ریخۆشکەرێک بۆ ئەوەی توێژینەوەی تریش دەربارەی ئەم بابەتە بەجێبهێنرێن لە لایەن توێژەرانی ترەوە.

## یەکەم چوارچێوەی توێژینەوەکە

### ١.رێکاری توێژینەوەکە

ئەم توژینەوەیە توژینەوەیەکی وەسفییە، کە هەوڵیداوە وەسفی چەندێتیی و چۆنێتیی کێشەی توندوتیژیی سیاسیی بکات لەناو گوتاری رۆژنامەگەریی کوردیی (کۆمەڵگەی توژینەوە) بە رێگای شیکاری ناوەرۆک، لە میانی ناساندنی بابەتی توندوتیژیی سیاسیی، لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە جێکەوتە و کاریگەریی لەسەر رۆژنامەگەریی کوردیی دروستکردووە و رۆژنامەکان بە پێی ستراتیژی خۆیان ورووژاندوویانە. بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی روپێویی (survey) بەکارهێنراوە، بۆ رووپێوکردنی سامپڵەکانی ناوەرۆکی کۆمەڵگەی توژینەوەکە، کە تایبەتن بە بابەتی توندوتیژیی سیاسیی، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانیاریی دەربارەی سروشت و سیمای سامپڵەکانی ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. لە سنووری (جوگرافیای هەرێمی کوردستان) وەک سنووری توێژینەوەکە، کە رووداوە توندە سیاسییەکانی تێدا هەن و، لە رۆژنامەکانی سامپڵی کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا بەردەوام رووماڵکراون.

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەو کۆمەڵگەیەی، کە توێژەر توانییوەتی سامپڵی توێژینەوەکەیەی تیاداهەڵبژێرێت و، لە رێگەیەوە بگاتە دەرەنجامە گشتییەکان(٤) بۆ ئەم مەبەستە توێژەر رۆژنامەگەریی کوردیی وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەستنیشانکردوە، کە نوێنەرایەتیی رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان دەکات و پێکدێت لە ئاراستەی

ڕۆژنامـەی حیزبیـی و ئەهلیـی، کـە بریتیـن لـە :

١-ڕۆژنامـەی (کوردسـتانی نـوێ) کـە سـەر بەیەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانە و لەلایـەن ئۆرگانـی مەکتەبـی ڕاگەیاندنـی ئـەو حیزبـەوە دەردەچیت.

٢-ڕۆژنامەی (خەبات) سەر بە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و لەلایەن ئەو حیزبەوە دەردەچێت.

٣- ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتیی ئەهلیی ڕۆژانەیە،کە کەرتی تایبەت دەریدەکات.

هۆکارەکانی دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆژنامانە، وەک سامپڵی ناو کۆمەڵگەی تۆژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

-نوێنەرایەتیی ئاراستەی حیزبیی و تایبەت دەکەن.

-گرنگیی بە کاروباری سیاسیی و کێشە سیاسییەکان دەدەن.

-بەشێوەیەکی بـەردەوام ڕێکوپێکانـە دەردەچـن، هـەردوو ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ و خەبـات ڕۆژانـە دەردەچـن و ڕۆژنامـەی هاوڵاتـی هەفتـەی دووجـار دەردەچێـت.

-ئەم ڕۆژنامانە لەگەڵ ئەوەی کاغەزیین، بە شێوەی ئەلکترۆنیی و ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی دەردەچن.

هەروەها بەگوێرەی سـامپڵی ماوەیـی تۆژینەوەکـە، توێـژەر بەشـێوەی دیاریکردنـی مـاوەی سـامپڵی بەئەنقەسـت سـێ ڕووداوی دەستنیشـانکردووە کـە ئەمانـەن:

-ماوەی ڕووداوی ١٧ شوبات و ڕۆژانی دوایی، کە لە ٢٨ شوبات دەستپێدەکات بۆ ٢٨ نیسانی ساڵی ٢٠١١ .

-هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە لە ١٢-٩ دەستپێدەکات بۆ ٣١-٩ – ٢٠٠٨ .

-ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی مانگی ١٢ ساڵی ٢٠٢٠.

توێـژەر بـۆ ڕاسـتیی و درووسـتیی ڕووکاری دەرەکیـی ( face validity)، فۆرمـی شـیکاریی داڕشـتووە، کـە تیایـدا توێـژە سـەرەکیی و لاوەکییەکانـی دیاریکـردووە و، دواتـر خسـتوویەتیە بـەردەم ژمارەیـەک لـە پسـپۆڕانی بـواری ڕاگەیانـدن، بـۆ هەڵسـەنگاندن و لەبـەر ڕۆشـنایی تێبینییەکانیـان و بەلەبەرچاوگرتنیـان، جارێکـی تـر فۆرمەکـەی داڕشـتۆتەوە، کـە بگونجێـت لەگـەڵ پرسـیار و ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە.

هەروەهـا توێـژەر بـۆ جێگیرکردنـی تێکڕایـی جێگیریـی توێژینەوەکـەی، پشتیبەسـتووە بـە شـیکارکردنی ژمارەیـەک تیـراژی ڕۆژنامەکانـی توێژینەوەکـە و، شـیکارکردنی ژمارەیـەک لـە توێـژی سـامپڵەکان، ئەویـش لـە ڕێگـەی پـرس و ڕاکردنـی بـە توێـژەران و پسـپۆڕانی تـر و بیروڕاگۆڕینـەوە لەگەڵیانـدا، بـۆ ئـەوەی بگاتـە هەمـان ئەنجام، بـەم ڕێگایـە: Reliability

جێگیریی = ٢ (ژمارەی هاوکۆکی لە نێوان هەردوو هێماکە)

ژمارەی هیماکانی کە توێژەر دیاریکردووە + ژمارەی هێماکانی کە توێژەرانی تر دیاریانکردووە.

بەهای جێگیریی فۆرمی شیکارییەکە = ٩٠٪

### ٢.بەشی تیۆریی:

توندوتیژیـی سیاسـیی، لەگـەڵ کۆمەڵـەی سیاسـیی و بازنـەی سیاسـیی بەردەوامبـووە و بەدەرنەبـووە لێـی، چ وەك توندوتیژیـی مادیـی و وێرانکاریـی و کوشـتن و شـەڕ و شـۆڕ، هەتـا دەگاتـە توندوتیژیـی لەنـاو گوتـاری سیاسـیی هێـزو لایەنـەکان، کـە زیاتـر خـۆی دەبینێتـەوە لـە توندوتیژیـی وتەیـی لەنـاو کایـەی ململانێکانـدا.

هارۆڵـد نیـبرج، بـەم جـۆرە پێناسـەی توندوتیژیـی سیاسـیی دەکات: توندوتیژیـی کـرداری تێکدەرانـە و وێرانکـردن

و زیانگەیاندنـە بـە لایەنـی بەئامانجكـراو، كـە لێكەوتەیەكـی سیاسـی هەبێـت و كاریگەریـی لەسـەر سیسـتمی كۆمەڵایەتئـی درووسـتبكات، جـا ئیـتر ئەوتوندوتیژییـە سیاسـییە، كێشـەیەكی ناوخۆیـی بێـت لـە نـاو وڵات دا، یـان بەشـێك بێـت لـە دەوڵـەت خـۆی، یاخـود رەهەندێكـی هەرێمیـی و نێودەوڵەتیـی هەبێـت. (٥)

هەروەهـا زۆربـەی توێـژەران هـاوڕان لەسـەر ئـەوەی دیـاردەی توندوتیژیـی سیاسـیی، ئامانجێكـی سیاسـیی لـە پشـتەوەیە و هێزێكـی دیاریكراویـش لـە پشـت ئـەو ئامانجـە سیاسـییەوەیە (٦)

هـاوكات لـە سـادەترین پێناسـەدا هاتووە، توندوتیژیـی سیاسـیی بریتییـە لـە بەكارهێنانـی هێـز و هەڕەشـە لـە ڕێگای زیانگەیانـدن بەوانـی تـر، لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجێكـی سیاسـیی. (سـەرچاوەی پێشـوو: ٥٠) لـە پێناسـەیەكی تـردا كـە بـۆ زاراوەی توندوتیـژی سیاسـیی (Political Violence) كـراوە، ئامـاژەدەكات كـە ئـەو زاراوەیـە هێمایـە بـۆ كـرداری توندوتیژیـی، بەواتـا بەكارهێنانـی زەبروزەنـگ و ناچاركـردن لەلایـەن هێزێـك لـە دژی كەسـانی تـر یـان لایەنـی تـر (٧).

هـەر سـەبارەت بـە توندوتیژیـی سیاسـیی، ئامـاژە بەوەكـراوە كـە بریتییـە لـە بەكارهێنانـی هەمـوو جـۆرە ئامرازێكـی لەبەردەسـتدا هەبـوو، بـۆ بەدیهێنانـی ئەنجامـی دیاریكـراو (٨)

بـە مانایەكـی تـر توندوتیژیـی سیاسـیی واتـە كۆنترۆڵكردنێكـی بنەڕەتییانـە لـە ڕێـگای هێـزی سیاسـیی و سـەربازیی، كـە دژی یاسـا و بونیـادی ژیانـی مەدنیـی بێـت(٩)

بـەو پێیـەی لـە روانگـەی زانسـتیی دەروونناسییشـەوە، توندوتیژیـی سیاسـیی بریتییـە لـە جۆرێـك لـە جۆرەكانـی توندوتیژیـی ناوەكیـی خـودی مـرۆڤ، كـە بـەدوای دەسـەڵاتەدا وێڵـە، ئـەم رەگەزانـە لـە خـۆ دەگرێـت:

١-توندوتیژیی سیاسیی وەک جۆرێک لە توندوتیژیی ناوەكیی مرۆڤ :

ئـەم خەسـڵەتە بـەوە جیادەكرێتـەوە، توندوتیژیەكـە دەسـت توێـوەردەدات لـە سـنووری نێـوان لایەنـەكان، بـە مانایەكـی تـر لـە نێـوان چەنـد لایەنێـك یـان كەسـێك بەجێدەهێنرێـت ، واتـە خاڵـی كۆكـەرەوەی نێوانییانـە، بـە مانایەكـی تـر لـە ناوخـۆی تاكـەوە دەردەچێـت بـۆ كۆمەڵێـك لایـەن، روونـتر بـاری دەرونیـی تـاك جوڵێنـەری بنەڕەتـی توندوتیژییـە، كـە كۆمەڵێـك تاكـی تـر لـە ژێـر چەترێـك كۆدەكاتـەوە، لـە پێنـاو جڵـەوی دەسـەڵاتی سیاسـیی، كـە هەنـدێ رەگـەزی تـری دەروونیـی تـاك، لـە ژینگـەی كۆمەڵایەتیـی تیایـدا بەشـداریدەكەن وەك (ئاییـن و دابونەریـت و رەگـەز و رەچەڵـەك).

٢- توندوتیژیی سیاسیی وەک ئامانجێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات:

توندوتیژیـی سیاسـیی لـە جەوهـەردا، توندوتیژییەكـە پەیوەسـتە بـە دەسـەڵاتەوە، یاخـود پەیوەسـتە بـە هێماكانـی نـاو دەسـەڵات، كـە دوو ئاڕاسـتە وەردەگرێـت:

-ئاڕاستەی ئەوانەی جڵەوی هەسەڵاتیان گرتووە و پراكتیزەی دەسەڵات دەكەن.

-ئاڕاسـتەی هێماكانـی دەسـەڵات بـۆ ئەوانـەی كـە لەگەڵیـان ناكۆكـن، كـە ئامانـج لێـی مانـەوە و بەردەوامییانـە لـە جڵەوگرتنـی دەسـەڵات و دەركردنـی فەرمانـی دەسـتگیركردنی نەیاركانیـان.

٣-توندوتیژیی سیاسیی، توندوتیژییەكە بە كەسانی هێمادار دەناسرێتەوە:

ئامانجـی زۆربـەی توندوتیژییـەکان زیانگەیاندنـە بـە کەسـانی دیاریکـراو، یاخـود بـە موڵـك و شـتوومەکی کەسـانی دیاریکـراو، بـەڵام ئامانجـی توندوتیژیـی سیاسـیی بیـر و بۆچـوون و شـوێنکەوتووانی ئـەو کەسـانەیە، کـە دەکرێـن بـە ئامانجـی توندوتیژییەکـە، نـەك کەسـوکاریان، بـە مانایەکـی تـر توندوتیژیـی سیاسـیی لـە بەرامبـەر کەسـەکان ناکرێـت، بەڵکـو زیاتـر بەرامبـەر کەسـە هێماداردەکان دەگیرێتەبـەر، کەواتـە ئەگـەر توندوتیژیـی سیاسیی بەرامبـەر تاکێـك یـان کەسـێك بگیرێتەبـەر، ئـەوا ئـەو کەسـە هێمایەکـە لـە رووی هزرییـەوە و نوێنەرایەتیـی گرووپێکـی سیاسـیی دەکات.(هەمـان سـەرچاوە: (٩))

## جۆرەکانی توندوتیژیی سیاسیی:

جـۆرو چەشـنەکانی توندوتیژیـی سیاسـیی، بـە گوێـرەی بابـەت و تێڕوانینیـی تایبەتمەنـدان دیاریکـراون و، لەسـەر چەندیـن ئاسـت دابەشـکراوون، جگـە لـەوەی توندوتیژیـی سیاسـیی پەیوەندییـدارە بـە چەندیـن زاراوە و بابەتـی هاوشـێوەکەی، لێـرەدا دەشـێت بـە سـوودوەرگرتن لـە تێڕوانینـە جیـاوازەکان، گرنگتریـن جۆرەکانـی توندوتیژیـی سیاسـیی، بـەم شـێوەیە دەستنیشـانبکرێن:

١--توندوتیژیی سیاسیی حکومیی (فەرمیی)

توندوتیژیـی سیاسـیی حکومیـی، ئـەو جـۆرە توندوتیژیەیـە کـە دەسـەڵاتی حوکومـڕان ئاڕاسـتەی هاوڵاتیانـی دەکات، یاخـود بەرامبـەر بـە کۆمـەڵ و گرووپێکـی دیاریکـراو جێبەجێیـدەکات، بـە تایبەتـی ئەوانـەی کـە بەرهەڵسـتکارن، ئەویـش لـە پێنـاوی مانـەوەی بەردەوامیـی دەسـەڵات و لاوازکردنـی رۆڵـی نەیارەکانییەتـی، کـە لـە رێـگای ئامڕازەکانـی دەزگای پۆلیـس و سـەربازیی و هەواڵگریـی و ئاسـایش دەیگرێتەبـەر، زۆرجـار بـەم توندوتیژییـە دەوترێـت توندوتیژیـی (فەرمیـی).

٢-توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی (میللی)

توندوتیژیـی سیاسـیی میللیـی، پێچەوانـەی تونوتیژیـی حوکومییـە، ئـەو جۆرەیـە کـە لـە لایـەن هاوڵاتیـان یاخـود بەرهەڵسـتکارانەوە ئاڕاسـتەی رژێـم و دەسـەڵات دەکرێـت، لەلایەکـی تـرەوە بـەو جـۆرە توندوتیژییـە سیاسییانە دەوترێـت، کـە بەهـۆی بوونـی کێبڕکـێ و ململانێـوە دەکرێـت. زۆرجـار بـەم توندوتیژییـە دەوترێـت توندوتیژیـی (نافەرمیـی) (١٠).

٣-توندوتیژیی سیاسیی نەتەوەیی

بـەو جـۆرە توندوتیژییـە دەوترێـت، کـە پاڵنەرێکـی نەتەوەیـی لـە پشـتەوەیە و بکەرانـی لەسـەر بنەمـای هزریـی نەتەوەیـی بەجێیدەهێنـن، ئـەم جـۆرە توندوتیژییـە بەربڵاوتریـن جـۆرە لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان دا، بەتایبەتییـش لـە جیهانـی عەرەبیـی دا، بـە جۆرێـك ئاڵوگـۆڕ لـە نێـوان گـرووپ و کۆمەڵـەی دابونەریـت و زمانـە جیـاکان و نەتـەوە جیـاکان دا هەیـە، کـە هـەر یەکەیـان داوای مافـی خۆیـان دەکـەن و بـە رەوای دەزانـن جڵـەوی دەسـەڵات بگرنـە ئەسـتۆ. بەشـێوەیەکی گشـتیی، ئـەم جـۆرە توندوتیژییـە سروشـتێکی نەتەوەیـی پێـوە دیـارە و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش زمـان بـووە بـە بنەمـای سـەرەکیی تیایدا. (هەمـان سـەرچاوەی پێشـوو: (١٠))

**٣.بەشی کرداریی:**

ئامانج لە بەشی سێیەم؛ واتە بەشی پراکتیکی تویژینەوەکە، خستنەروو و شیکردنەوەی بابەتی تویژینەوەکەیە لە رووی چەندێتیی وچۆنێتیی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە توندوتیژیی سیاسییەوە هەیە و، لە سامپڵی توێژینەوەکە و لە سنووری ماوەی توێژینەوکەدا رووماڵکراون.

## ئەم بەشە دابەشبووە بەسەر سێ باس دا:

یەکەم:

دەرخستەی داتا و ژمارەی بابەتی روماڵکراووی تایبەت بەبابەتی توندوتیژیی سیاسیی، لە رۆژنامەکانی توێژینەوەکە، لە رێگای ئەم خشتانەوە:

خشتەی (١)

ژمارەی تێکڕای ئەو بابەتانە دەخاتەڕوو، کە تایبەتن بە توندوتیژیی سیاسیی و کە رۆژنامەگەریی بڵاویکردوونەتەوە

| رۆژنامەکان | ژمارەی بابەت | % |
|---|---|---|
| کوردستانی نوێ | 430 | ٤١،٦ |
| خەبات | 234 | ٢٣،٦ |
| هاوڵاتی | 372 | ٣٥،٩ |
| کۆ | 1036 | 100 |

داتاکانی خشتەی (١) روونیدەکەنەوە، ک رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە پلەی یەکەم دێت، لە رووی ژمارەوە؛ واتە لە ڕووی چەندێتییەوە، بابەتەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی لەخۆگرتووە، کە دەکاتە رێژەی ٤١.٦٪ ی کۆی (رۆژنامەکانی توێژینەوەکە) بەجۆرێك ٤٢٠ بابەتی رووماڵکردووە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، رۆژنامەکە ژمارەی لاپەڕەکانی زۆرترە لەچاو رۆژنامەکانی تر و، لە رووی خاوەندرێتییەوە سەر بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە و زمانحاڵی ئەو حیزبەیە. کە بەردەوام لە رووداوەکاندا، جەمسەرێکی سەرەکیی ململانێ و توندوتیژییە سیاسییەکانی دە ساڵی ڕابردوو بووە، ئەوە جگە لەوەی رۆژنامەکە، لە ناوەندی شاری سلێمانی چاپدەکرێت و بارەگای سەرەکیی لەو شارەیە، کە زۆربەی خۆپیشاندان و ململانێ ساسییەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی روویانداوە.

بە دوای رۆژنامەی کوردستانی نوێ، رۆژنامەی( هاوڵاتی) وەك رۆژنامەیەکی کەرتی تایبەت، بە پلەی دووەم دێت لە رووماڵکردنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە کێشەی توندوتیژیی سیاسییەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە رۆژنامەکە لە هەفتەیەکدا دووجار دەردەچێت، بەڵام لە رووی ژمارەی رووماڵکردنی بابەتەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی، پێش رۆژنامەی خەبات کەوتووە، کە رۆژنامەیەکی رۆژانەیە، ئەوەش بایەخدانی ئەو رۆژنامەیە دەردەخات سەبارەت بە گرنگیدانی بە کێشە سیاسییەکانی تایبەت بە ململانێ و خۆپیشاندان و دیاردە توندە سیاسییەکان، کە لە دەرئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکان سەریانهەڵداوە.

لە لایەکی ترەوە، بەهۆی کەمیی یاخود نەبوونی چاپەمەنیی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان یان کەسایەتیی سیاسیی بێلایەن و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و چالاکوانی سیاسیی، زۆرجار رۆژنامەی هاوڵاتیی لە بەرامبەر رۆژنامەی حیزبی دەسەڵات، بووە بە سەکۆی چالاکوانی سەربەخۆ و لە هەندێك بارودۆخی دژواری سیاسییدا، بووە بە دەنگ و رەنگی بەرهەڵستکاران، کە لە ماوەی توێژینەوەکە ٣٧٢ جار بابەتی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی بڵاوکردۆتەوە و، دەکاتە رێژەی ٣٥،٩٪ی کۆی بابەتەکانی توندوتیژیی سیاسیی، کە بە تێکڕایی لە ماوەی توێژینەوەکەدا لەلایەن رۆژنامەکانی توێژینەوەکەوە بڵاوکراونەتەوە.

هەروەها رۆژنامەی خەبات، کە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، سەرەڕای ئەوەی رۆژنامەیەکی رۆژانەیە و ژمارەی لاپەڕەکانی لە رۆژنامەی هاوڵاتی زیاترە، بەڵام بە پلەی سێیەم هاتووە، لە رووی ژمارەی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە توندوتیژیی سیاسییەوە هەبووە، بەجۆرێك ٢٣،٦٪ی کۆی بابەتەکان پێکدەهێنێت.

خشتەی (٢)

ئاست و جۆری قاڵبەهونەرییەکانی رۆژنامەنوسیی سامپڵی توێژینەوەکە، کە بۆ بابەتی توندوتیژیی سیاسیی بەکارهاتوون

| رۆژنامەکان<br>قاڵبە هونەرییەکان | کوردستانی نوێ | | خەبات | | هاولاتی | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ٪ | ژ | ٪ | ژ | ٪ | ژ | ٪ |
| هەواڵ | ٤٠ | ٩,٣ | ٢٣ | ٩,٨ | ٤٢ | ١١,٣ | ١٠٥ | ١٠,١ |
| راپۆرتەهەواڵ | ١٠٩ | ٢٥,٣ | ٢٥,٣ | ٤٦ | ١٩,٦ | ١٠٤ | ٢٨ | ٢٥٩ |
| ریپۆرتاژ | ٦ | 1 | ٥ | ٢,١ | ٥ | ١,٣ | ١,٦ | ١,٥ |
| راگەیەنراوای رۆژنامەوانیی | ٤٦ | ١٠,٦ | ١٧ | ٧,٢ | ٢ | ٠,٥ | ٦٥ | ٦,٣ |
| چاوپێکەوتن | ١٩ | ٤,٤ | ١٠ | ٤,٢ | ٣٧ | ٩,٩ | ٦٦ | ٦,٤ |
| سەروتار | ١٣ | ٣,١ | ٩ | ٣,٨ | - | - | ٢٢ | ٢,١ |
| وتار | ١٦٥ | ٣٨,٤ | ١٠٠ | ٤٢,٧ | ١٠٩ | ٢٩,٣ | ٣٧٤ | ٣٦,١ |
| وێنە | ٣٢ | ٧,٤ | ٢٢ | ٩,٤ | ٧١ | ١٩,١ | ١٢٥ | ١٢,١ |
| کاریکاتێر | - | ٠ | ٢ | ٠,٨ | ٢ | ٠,٥ | ٤ | ٠,٤ |
| کۆ | ٤٣٠ | ٪١٠٠ | ٢٣٤ | ٪١٠٠ | ٣٧٢ | ٪١٠٠ | ١٠٣٦ | ٪١٠٠ |

بەگوێرەی داتاکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت کە تەرزی (وتار) بە پلەی یەکەم دێت، کە رۆژنامەکانی

توێژینەوەکە بەکاریهێناوە بۆ ڕوومالکردنی کێشەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی، بە جۆرێك لە کۆی ١٠٣٦ بابەتی ڕوومالکراو ٣٧٤ بابەتیان بە شێوەی وتار بلاوکراونەتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی قالبی وتاری ڕۆژنامەنووسیی کە وا لە نووسەر دەکات زیاتر کۆششبکات بۆ دەرخستنی کێشەکان و، لەچوارچێوەی گۆشەنیگای سیاسیی و کۆمەڵایەتییدا شرۆڤەیان بکات و، هۆکارەکانی ڕوونبکاتەوە و لە ڕێگایەوە بیر و بۆچوون و چارەسەرەکان بخاتەڕوو، هەر وەك چۆن ئاماژە بەوە کراوە کە هونەری وتار، پشکنینی ورد و قووڵی ڕەهەندەکانی کێشە و ڕووداو و هۆکارەکان دەکات، لە ڕێگای بەستنەوەی واقیعی ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە. (١١) لەپەنا خاسیەتێکی تری ڕۆژنامەنووسیی دا، کە لە ڕێگەیەوە نووسەر تێڕوانین و پێشبینی نوێ بۆ کێشە و دیاردەکان پێشکەشدەکات. (١٢)

سەبارەت بە پشتبەستنی ڕۆژنامەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە، ڕۆژنامەی خەبات بە ڕێژەی ٤٣٪ ی کۆی قالبەهونەرییەکان (وتار) ی بەکارهێناوە بۆ ڕوومالکردنی بابەتەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی و، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە ڕێژەی ٣٨٪ و هەروەها ڕۆژنامەی هاولاتیش بە ڕێژەی ٢٩٪ پشتیانبەستووە بە وتاری ڕۆژنامەنووسیی.

هەروەها ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکە لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، بە پلەی دووەم قالبی هونەری ڕۆژنامەنووسیی ڕاپۆرتە هەواڵیان بەکارهێناوە بۆ بلاوکردنەوەی بابەتەکانی تایبەت بە توندوتیژی سیاسیی، بەجۆرێك لە کۆی ١٠٢٦ بابەت ٢٥٩ بابەتیان لە ڕێگای ڕاپۆرتەهەواڵەوە بلاوکراونەتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٢٥٪ی تێکڕای بابەتەکان، ئەوەش بۆ کاریگەریی و گرنگیی ڕاپۆرتەهەواڵ دەگەڕێتەوە، کە وەك قالبێکی هونەری ڕۆژنامەنووسیی، کە ڕەگەزی بەهێزی لەخۆگرتووە بۆ ڕوومالکردنی بابەت و دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاییەکان.

خشتەی (٣)

جۆرە سەرەکییەکانی توندوتیژیی سیاسیی دەخاتەڕوو، کە ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکە، لە سنووری ماوەی توێژینەوەکەدا بلاویکردونەتەوە.

| ڕۆژنامەکان / جۆری توندوتیژیی | کوردستانی نوێ | | خەبات | | هاولاتی | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی | ١٧ | ٢٧,٤ | ٦ | ٦,٤ | ٩٨ | ٨٢,٤ | ١٢١ | ٤٤ |
| توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی | ٤٥ | ٧٢,٦ | ٨٨ | ٩٣,٦ | ٢١ | ١٧,٧ | ١٥٤ | ٥٦ |
| کۆ | ٦٢ | ٪١٠٠ | ٩٤ | ٪١٠٠ | ١١٩ | ٪١٠٠ | ٢٧٥ | ٪١٠٠ |

بە شێوەیەکی گشتیی داتاکانی ئەم خشتەیە، دەرخەری جیاوازییەکی کەمە لەنێوان توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی (ئەو توندوتیژییانەی لایەنی دەسەلات لە بەرامبەر هاولاتیان و لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن بەکاریهێناوە)

لەگەڵ جۆری توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی (کە هاوڵاتیان یاخود نەیاران لە بەرامبەر دەسەڵات و پارتە سەرەکییەکانی دەسەڵات بەکاریانهێناوە) بەجۆرێك لە ماوەی توێژینەوەکە دا سێ رووداوی گرنگ و دیاری پڕ لە ململانێ و قەیراناویی دە ساڵی رابردووی لەخۆگرتووە، رۆژنامەکانی توێژینەوە ٢٧٥ حاڵەتی دووبارەبووەوەی تایبەت بە بابەتی توندوتیژیی سیاسیی لە ناوەڕۆکی گوتارەکانیدا لەخۆگرتووە، لەو ژمارەیە ١٢١ جار باس لەو توندوتیژییە سیاسییانە کراوە کە دەسەڵات بەرامبەر هاوڵاتیان کردوونی، کە دەکاتە کۆی ٤٤٪ی سەرجەم بابەتە دووبارەبووەکان، لەبەرامبەردا ١٥٤ جار توندوتیژیی سیاسیی کە لەلایەن خەڵك و ئۆپۆزسیۆنەوە کراونەتە سەر دەسەڵات، کە گەیشتۆتە ڕێژەی ٥٦٪ ی سەرجەم توندوتیژییە سیاسییەکان.

هۆیەکانی ئەم ڕێژانەش، بۆ سرووشتی رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، بەهۆی دوو سێی سامپڵی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، کە رۆژنامەی هەردوو پارتی سیاسیی سەر بە دەسەڵاتن و لە بەرامبەردا تەنها یەك رۆژنامەی ئەهلیی (کەرتی تایبەت) وەرگیراوە، چونکە راگەیاندن و بەتایبەتییش چاپەمەنیی سەر بەدەسەڵات لە رووی ژمارەوە زیاترن و کۆنترۆڵی رۆژنامەگەرییان کردووە، لەبەرئەوە کەمتر ئاماژەیان بەو توندوتیژییانە داوە، کە دەسەڵات لە دژی خەڵکیی بەجێیهێناون.

لەو چوارچێوەیەدا، رۆژنامەی هاوڵاتیی لە رووی ژمارەوە بە پلەی یەکەم دێت، کە گرنگییداوە بە توندوتیژییە سیاسییەکان، لە کۆی ٢٧٥ جار ١١٩ جاریان لە جۆرەکانی توندوتیژیی سیاسییە لە گوتاریی رۆژنامەگەریی کە خۆیان دووبارەکردۆتەوە، کە دەگاتە ٤٣.٣ ٪ ی سەرجەم جارەکان و بەدوایدا رۆژنامەی خەبات دێت، کە ٩٤ جار جۆرەکانی توندوتیژیی لە پەیام و ناوەڕۆکی رۆژنامەگەریی خۆیدا دووبارەکردۆتەوە، کە دەگاتە ڕێژەی ٣٢.٢ ٪.

هەروەها سەبارەت بە رەنگدانەوەی جۆرەکانی توندوتیژیی لە رۆژنامەی هاوڵاتیی دا، لە ناوەڕۆکی پەیامی رۆژنامەگەری خۆیدا بە ڕێژەی ٨٢.٤٪ ی ئەو توندوتیژییە سیاسییانەی بڵاوکردۆتەوە، کە دەسەڵات لە دژی هاوڵاتیان بەجێیهێناون و بە ڕێژەی ١٧.٧٪ ی ئەو توندوتیژییە سیاسییانەی دووبارەکردۆتەوە، کە هاوڵاتیان لە دژی دەسەڵات کردوویانە.

لە بەرامبەردا رۆژنامەی خەبات، بە پێچەوانەی رۆژنامەی هاوڵاتی، زیاتر جەختیکردووەتە سەر ئەو توندوتیژییانەی کە خەڵك و ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر دەسەڵاتدا کردوویانە، بەجۆرێکەکە کە ڕێژەی ٩٣.٦٪ ، لە بەرامبەردا بە ڕێژەی تەنها ٦.٤٪ جار باسی لە توندوتیژییەکانی دەسەڵات کردووە بەرامبەر بە هاوڵاتیان و خەڵك.

هەروەها رۆژنامەی کوردستانی نوێ، بە هەمان شێوەی رۆژنامەی خەبات، زیاتر جەختیکردووەتە سەر ئەو جۆرە توندوتیژییانەی کە خەڵك و هاوڵاتیان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە دژی دەسەڵات کردوویانە، لەو چوارچێوەیەدا بە ڕێژەی ٢٧.٦٪ی جۆری توندوتیژیی دەسەڵات لە دژی خەڵك دووبارەکردۆتەوە.

خشتەی (٤)

میکانیزمە پەیڕەکراوەکانی توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی لە ڕۆژنامەکانی توێژینەوەکەدا

| ڕۆژنامەکان / میاکنیزمی توندوتیژیی فەرمیی | کوردستانی نوێ | | خەبات | | هاوڵاتی | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووباره | ٪ | دووباره | ٪ | دووباره | ٪ | دووباره | ٪ |
| کوشتن | ١٢ | ٧.٢ | ٣ | ٢٣ | ٢١ | ٢٠,٩ | ٣٦ | ٢٧ |
| دەستگیرکردن | ٥ | ٢٩ | ٤ | ٣٠.٧ | ٢٣ | ٢٢ | ٣١ | ٢٣,٣ |
| هەڕەشە | - | - | - | - | ٣١ | ٢٩,٨ | ٣١ | ٢٣,٣ |
| ئەشکەنجەدان | - | - | - | - | ١٧ | ١٦,٣ | ١٧ | ١٢،٨ |
| زامدارکردن | - | - | ٦ | ٤٦.١ | ٨ | ٧,٧ | ١٤ | ١٠,٥ |
| لەسەر کارلابردن | - | - | - | - | ٤ | ٣,٨ | ٤ | ٣,١ |
| کۆ | ١٧ | ٪١٠٠ | ١٣ | ٪١٠٠ | ١٠٤ | ٪١٠٠ | ١٣٣ | ٪١٠٠ |

تێبینیی: دوورخستنەوە و گواستنەوە بە هیچ جۆرێک ڕووماڵنەکراون

بەگوێرەی داتاکانی ئەم خشتەیە، دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) گرنگیی و بایەخیداوە بەو جۆری توندوتیژییەی، کە دەسەڵات یان حکومەت بەرامبەر بە هاوڵاتییان و نەیارەکانی بەجێیهێناون، بە جۆرێك لە کۆی ١٣٣ جاری دووبارەبۆتەوە، ڕۆژنامەکە بە تەنها ١٠٤ جار لەبارەیەوە باسیکردووە، بەڵام ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) تەنها ١٦ جار و ڕۆژنامەی (خەبات) تەنها ١٣ جار لەبارەیەوە باسیکردووە ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهەردوو ڕۆژنامەکە سەر بە حیزبی دەسەڵاتدارن و زیاتر بەرگریی لە حوکومەت کردووە، لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) وەك ڕۆژنامەی کەرتی تایبەت لەپاڵ جێبەجێکردنی ئەرکی ڕۆژنامەگەریی، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وەك بەرگریکارێکی ناڕازیی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەرکەوتووە، بەتایبەتی لە ڕووداوەکانی خۆپیشاندان و، لێکەوتە توندەکانی نێوان دەسەڵات و چالاکوانە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان، لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە پەیامی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانیی خۆیدا، ٢١ جار باسی لە توندوتیژیی کوشتن کردووە، کە لە ئەنجامی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان کەوتۆتەوە و وەك سامپڵێکی توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە. لە بەرامبەردا ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆژنامەی کورستانی نوێ تەنها ١٥ جار باسی لە قوربانییەکانی ناو هاوڵاتیان کردووە، کە دەسەڵات لە دژیان کردوویەتی.

ڕۆژمانەی هاوڵاتی ٣١ جار و لە ٣ ڕووداوی جیای تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی، باسی لە هەڕەشەی دەسەڵات

کردووە بۆ سەر هاوڵاتی ئاسایی و چالاکوانی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن، کە لە چوارچێوەی هەواڵ و راپۆرتەهەواڵ و لێدوان و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیی رووماڵیکردووە.

لە بەرامبەردا رۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات، تەنها یەك جاریش لە ماوەی توێژینەوەکەدا، باسی لە جۆری توندوتیژیی هەڕەشەی دەسەڵات نەکردووە بۆ سەر چالاکوانان و نەیارانی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیستەمی رۆژنامەوانیی و میدیایی لەو سەردەمانەدا، چونکە حکومەتی هاوبەش لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان پێکهاتبوو، بە هیچ جۆرێك بایەخی نەداوە بەو قوربانییانەی لەسەردەستی دەسەڵاتدا کەوتوونەتەوە.

هەروەها، رۆژنامەی هاوڵاتی لە گوتاری رۆژنامەوانیی خۆیدا، لە ماوەی توێژینەوەکە ٢٣ جار باسی لە ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیان کردووە، کە لەلایەن دامودەستگا ئەمنییەکانەوە بەرامبەریان کراوە، زۆربەشانی لە زاری ئەو کەسانەوە وەرگیراون کە بە کردەیی ئەشکەنجەدراون، لەبەرامبەردا هەردوو رۆژنامە حیزبییەکە خۆیان بەدوورگرتووە و باسی ئەو جۆرە توندوتیژییانەیان نەکردووە. لە کاتێکدا لە ماوەی توێژینەوەکەدا دیاردەی گرتن و ئەشکەنجەدان زۆر بڵاوبووە.

سەبارەت بە جۆری توندوتیژیی لەسەرکارلابردن و دورخستنەوەی فەرمانبەران، وەك سزادانی لایەنگرانی ئۆپۆزسیۆن و هاوڵاتیانی تر، یەکێك بووە لە دیاردە باوەکانی دە ساڵی ڕابردوو، کە سامپڵی کاتی توێژینەوەکەیە، لە هیچ کام لە رۆژنامەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە باس لەبارەیەوە نەکراوە و، نەبووەتە مایەی بایەخی رۆژنامەکان، ئەمەش بە کەمتەرخەمیی ئەو رۆژنامانە دادەنرێت و، کە وەک پێویست ئەرکی رۆژنامەوانیی خۆیانیان جێبەجێ نەکردووە.

## دووەم/ گوتاری توندوتیژیی سیاسیی رۆژنامەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم:گوتاری رۆژنامەی کوردستانی نوێ

١- توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی

رۆژنامەی کوردستانی نوێ، بە پلەی یەکەم جەختی لەسەر توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی کردۆتەوە، واتە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن خەڵك و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کراونەتە سەر دەسەڵات و پارتە سیاسییە بەشداربووەکانی دەسەڵات، بەجۆرێك تێکرایی ئەو بابەتانەی کە لە ناوەڕۆکی پەیامی رۆژنامەوانییەکەیدا سەبارەت بە توندوتیژیی سیاسیی بڵاویکردۆتەوە، دەگاتە رێژەی ٧٢.٦٪ ی سەرجەم بابەتەکانی توندوتیژیی سیاسیی، لە بەرامبەردا رێژەی دووبارەبوونەوەی توندوتیژیی فەرمیی، واتە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوەنەتە سەر خەڵك و لایەنە بەرهەڵستکارەکان، دەگاتە ٢٧.٤٪ ی کۆی سەرجەم بابەتەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی.

ئەمەش بۆ جۆری سیستمی راگەیاندن و چۆنێتی خاوەنداریەتیی رۆژنامەگەریی دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ سەر بە حیزبی دەسەلاتە و کەمتر بایەخیداوە بەو جۆرە توندوتیژییانەی کە لە لایەن دەسەڵاتەوە کراونەتە سەر خەڵك و هاوڵاتیی و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەو سۆنگەیەوە، ئەگەر سەیری ئەو ئاماژانە بکرێن کە لە دووتوێی گوتاری رۆژنامەوانیی رۆژنامەی کوردستانی نوێ و لە سنووری ماوەی

توێژینەوەکە هەڵهێنجراوە و گوزارشت لە بابەتەکە دەکەن:
-خۆپیشاندەران پەیامی روون و دیاریکراویان نییە و، شوێنە گشتیی و فەرمانگە حوکومییەکان بەردباران دەکەن.
-تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵك لە سلێمانی، بەتوندیی سەرکۆنەی بەردبارانکردنی بارەگای لقی چواری پارتی دیمکراتی کوردستان دەکات و، داوادەکات کە ئەنجامدەرانی کارە توندوتیژەکانی ناو خۆپیشاندان دەستگیربکرێن.
-بەهۆی توندوتیژیی و خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان، ژمارەیەك لە هێزەکانی ئاسایش بریندار بوون.
-خۆپیشاندانی سلێمانی و بەشێك لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، نەك تەنها کار و کاسپیی خەڵکی قورس کردووە، بەڵکو دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی و ترسی ئایندەی لە هەرێمی کوردستان زیادکردووە.
-هاوڵاتیان ناڕەزایی دەردەبڕن بەرامبەر ئەو کەسانەی کە ئاشتیی و ئارامیی شار دەشێوێنن و کاسپکارانیان بێکار کردووە و، لە لایەکی ترەوە ئاڵۆزیی و خۆپیشاندان مایەی ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێی هاوڵاتییانە.
-رەنگە ئاسان بێت ژمارەی ئەو لێکەوتە نالەبارانەی کە دوابەدوای نائارامیی و پشێویی دەکەونەوە، هەر لە گورزی دەروونیی و پشێویی و درووستکردنی دڵەڕاوکێ لەسەر دوارۆژ و ئاستی گشتیی و کەسیی، بۆیە بە هەواڵ سەرکۆنەی شێواندنی ئارامیی بکەین.
-هەر خۆپیشاندانێك لە رێچکەی خۆی لابدات ، ناتوانێت داواکانی بگەیەنێت و زیان بە خۆی و چواردەوری دەگەیەنێت.
-هێزە ئیسلامییە سیاسییەکان بە هەموویانەوە، لە ناوەڕۆکدا هاوکۆکن لەسەر دژایەتییکردنی هەر دابێک کە ئازادی و دیموکراسیی لەسەر زەویی بکاتە بەدیلی هەر بیروباوەڕێکی ئاسمانیی.

٢- توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی

رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە کۆی ٦٢ بابەتی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی، تەنها ٣ بابەتی تەرخانکردووە بۆ توندوتیژیی فەرمیی، واتە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە کراونەتە سەر خەڵك و هاوڵاتیان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، کە دەگاتە رێژەی ٢٧.٤٪ لەبەرامبەردا بە رێژەی ٧٢.٦٪ جەختی لەسەر توندوتیژیی نافەرمیی کردووە، واتە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن خەڵکەوە کراونەتە سەر دەسەڵات، ئەویش دابەشکراوە بۆ تەنها دوو لقی توندوتیژیی فەرمیی بەم شێوەیە:
-کوشتن: رۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ماوەی سنووری توێژینەوەکەدا تەنها ١٢ جار و، لەناو ژانرەکانی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ و ریپۆرتاژ باسی لە کوشتن کردووە، کە لە رووداوە توندوتیژەکان روویانداوە.
-دەستگیرکردن: رۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ماوەی سنووری توێژینەوەکەدا، تەنها ٥ جار باسی لە جۆری تونوتیژیی دەستگیرکردن کردووە، هەروەها رۆژنامەکە لە سنووری ماوەی توێژینەوەکەدا، باسی لە جۆرەکانی تونوتیژی فەرمیی (سزادانی سیاسیی، گواستنەوەی ئەرکی فەرمیی، هەڕەشەکردن، لێدان و زامدارکردن، ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیی و کەسانی ئۆپۆزسیۆن، لەسەر کارلادان) نەکردووە. کە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە ئەو جۆرە توندوتیژییە فەرمییانەی لەناو خشتە شیکارییەکەی توێژینەوەکەدا، دەستنیشانکراون روویانداوە و بوونیان هەبووە.
-بە هیچ جۆرێك ناوی کەسانی سیاسیی بەرهەڵستکار و چالاکوانی سیاسیی، وەك قوربانیانی رووداوە

توندوتیـژەكان نەهاتـووە، كـە لەلایـەن دەسـەڵاتەوە دووچـاری توندوتیژیـی سیاسـیی بوونەتـەوە، بەتایبـەت لـە جـۆری دەسـتگیركردن و گواسـتنەوەی راژە و لابردنیـان لەسـەر كاری فەرمیـی و، هەڕەشـەكردن و تـرس و تۆقاندنیـان، لـە كاتێـكدا هەمـوو ئەوانـە روویانـداوە و بـە ئاشـكرا هەبـوون.

## دووەم :گوتاری ڕۆژنامەگەریی رۆژنامەی خەبات

١-توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی:-

لـە رۆژنامـەی خەبـات دا، ٩٤ جـار بابەتـی توندوتیژیـی سیاسـیی فەرمیـی و نافەرمیـی، بڵاوكراوەتـەوە ، كـە دەكاتـە ٣٤،٢ ٪ی كـۆی بابەتـە رووماڵكراوەكانـی توندوتیژیـی سیاسـیی فەرمیـی و نافەرمیـی نـاو گوتـاری رۆژنامەگەریـی كۆمەڵگـەی توێژینەوەكـە.

هەروەها، لـەو ژمارەیـە بـە تەنهـا ٦جـار بابەتـی توندوتیژیـی سیاسـیی فەرمیـی هاتـووە، واتـە ئـەو توندوتیژیانـەی كـە لـە لایـەن حكومـەت و دەسـەڵاتەوە كراوەتـە سـەر خەڵـك و لایەنـە ئۆپۆزسـیۆنەكان، كـە رێـژەی ٦.٤٪ی بابەتـە توندوتیژییـە سیاسـییەكانی نـاو گوتـاری رۆژنامەكـە پێكدەهێنـن، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەرێتـەوە:

-رۆژنامەكـە سـەربەپارتی دیموكراتـی كوردسـتانە، كەخاوەندارێتـی زۆرینـەی دەسـتگا فەرمییەكانـی پرۆسـەی سیاسـیی دەكات. لەبەرئـەوە هاوسـەنگیی نەپاراسـتووە لـە نێـوان ئەوتوندوتیژییانـەی كـە دەسـەڵات بەرامبـەر هاوڵاتییـان و خەڵـك و چالاكوانـان كردوویەتـی، لەگـەڵ ئـەو توندوتیژییانـەی كـە خەڵـك لەبەرامبـەر دەسـەڵات و حیزبـی دەسـەڵات بەجێهێنـاون.

-رۆژنامەكە بێلایەن نەبووە لەرووماڵكردنی رووداوەكانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی.

- زیاتـر جەختیكردۆتـە سـەر قوربانییـەكان و زیانەكانـی ئەنـدام و لایەنگرانـی خـۆی و، دام و دەسـتگا فەرمییـەكان لـە رووی پشـاندان و خستنەڕوویان.

بەشێوەیەكی گشتیی، ئەو توندوتیژییە فەرمییانەی كە لە رۆژنامەی خەبات دا رووماڵكراون گوزارشتدەكەن لە:

-خوا ئەو كەسانە رسوابكات كە بوون بە هۆی شەهیدكردنی ڕێژوانی جوانەمەرگ.

-ئەوانـەی لـە بـەردەم لقـی چـواری پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان شـەهید و بریندارکـران، بـە تەقـەی پاسـەوانانی بارەگاكـە نەبـوون، بەڵكـو ئـەوان تەقەیـان بەسـەر ئاسـمان كـردووە.

-سەرۆكی هەرێم دەڵێت بەشداریی خەمی كەسوكاری خۆپیشاندەرە شەهیدەكان دەكەم، ئەوان كەسی ئێمەن.

-لـە ئەنجامـی درووسـتبوونی گرژیـی و توندوتیژیەكانـی هەفتـەی رابـردوو، دە خۆپیشـاندەر بـوون بـە قوربانیـی و، زیاتـر لـە سـەد كەسـی تریـش برینداربـوون.

٢- توندوتیژیی سیاسیی نافەرمی:

رۆژنامـەی خەبـات، بـە پێچەوانـەی توندوتیژیـی فەرمیـی، كـە بایەخـی پێنـەداوە، بایەخێكـی زۆری داوە بـە توندوتیژیـی نافەرمیـی (ئـەو توندوتیژیانـەی كـە لـە لایـەن خەڵكـەوە كراونەتـە سـەر دەسـەڵات و دام و دەسـتگا فەرمییـەكان) بـە جۆرێـك لـە كـۆی رووماڵكردنـی ٩٤ بابەتـی دووبارەبـووەوەی تایبـەت بـە توندوتیژیـی سیاسـیی، ٨٨ بابەتـی تایبەتكـردووە بـە توندوتیژیـی سیاسـیی نافەرمیـی، كـە دەكاتـە ٦.٩٣٪ ی سـەرجەم بابەتـە توندوتیژییـە سیاسـییە فەرمیـی و نافەرمییەكانـی سـنوری مـاوەی توێژینەوەكـە، كـە بەشـێوەیەكی گشـتیی دابەشـبووە بەسـەر:

-پەلاماردان و هەڵكوتانەسەر بارەگا حیزبیە فەرمییەكان.

-زیانگەیاندن بە دام و دەستگای حوكومیی و شوێنە گشتییەكان.

-كوژران و برینداركردنی هێزە ئەمنییە چەكدارەكان و لایەنگرانی پارتی دیموكراتی كوردستان.

-زیانگەیاندن بە ئابوریی بازار و درووستكردنی تەنگەژەی ئابووریی

## هەموو ئەمانە لە ناو گوتاری رۆژنامەوانی خەبات گوزارشتدەكەن لە:

-چەند چەكدارێكی نەناسراو تەقە لە بارەگای چەمچەماڵی پارتی دەكەن و زیانی مادییان لێكەوتۆتەوە.

-لە هەڵەبجە، چەند كەسێك بەردبارانی بارەگای پارتیان كردووە و ١٥ پۆلیس برینداركراوە.

-هونەرمەندانی كوردستان داوادەكەن ئارامیی و ئاسایشی هەرێمی كوردستان نەكرێت بە قوربانی مەرامی ئاژاوە و تێكدان.

-كاتێك شەقام دەبێت بە گۆرەپانێك بۆ دەربرینی جۆرێك لە نارەزایی و پشێویی و ئاژاوەگێریی، داواكارییەكان لەسنوری خۆیان دەردەچن و توندوتیژی شوێنیان دەگرێتەوە.

-خۆپیشاندانەكان بە دروشمی نابەجێ و هەڵسوكەوتی ناشایستە بەردبارانی دامودەستگا حوكومییەكان دەكەن.

-داواكاریی بە توندوتیژیی و پەلاماردانی ئەم حیزب و ئەو حیزب نایەتەدیی و، ناكرێت خۆپیشاندان بقۆزرێتەوە بۆتێكدانی ژیان و گوزەرانی گشتیی.

-بۆچیی تەنها بارەگاكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەبن بە ئامانجی تووڕەبوون و خۆخاڵیكردنەوەی دەم و دەستی بەرد و جنێو.

-بەپێی ئەو ئامارانەی دەست رۆژنامەی خەبات كەوتووە، هەفتەی رابردوو خۆپیشاندەران ١٤٩ فەرمانگەی حوكومیی بارەگای پارتە سیاسیەكانیان لە سلێمانی و هەڵەبجە و دەڤەری گەرمیان و راپەڕین سوتاندووە.

-ئەو شێوازە خۆپیشاندانەی ئەمڕۆ لە كوردستان روویداوە، چاولێكەری بووە هەروەك بەهاری عەرەبیی، دەبێت سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەكان درك بەوەبكەن كە دەستێوەردان و ئاواژاوەگێڕیی نەخرێتە ناو خۆپیشاندانەكان.

-لە خۆپیشاندانەكان دا، زیاتر ئەو دەنگانە دەبیسترا كە دەوترا بڕوخێ بڕوخێ، ئەمەش هیچ پەیوەندییەكی بە داوای رەوای خۆپیشاندەرانەوە نییە جگە لە بێڕێزیی و جنێودان.

بە ئەندازەیەكی بەرچاو گوتاری رۆژنامەوانیی رۆژنامەكە، ئەو توندوتیژیانەی فەرامۆشكردووە، كە لە لایەنی دەسەڵات و حوكومەتەوە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن و خەڵك و هاوڵاتیی و چالاكوانان كردوونی، كە لە جۆری توندوتیژی فەرمیین.

## سێیەم : گوتاری ڕۆژنامەی هاوڵاتی

١- توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی:

رۆژنامەی هاوڵاتی بە وردیی سێرەی لەو توندوتیژییە سیاسیانە گرتۆتەوە، كە زیاتر لەلایەن دەسەڵات و پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەكان كراونەتە سەر هاوڵاتیی و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكان، كە گوزارشتدەكەن لە:

-هێزێكی سیاسیی تووڕەی خۆپیشاندانی بەخوێن سووركرد و شەقامێكی ئارامی بەرەو گۆڕستانێكی خوێناوی گۆڕیی.

-چەکدارەکانی لقی چواری پارتی چەند رۆژێکە لە حاڵەتی ئامادەباشییدا بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی خۆپیشاندەران و، پێدەچێت پێشتر فەرمانی تەقەکردنیان لەسەرووی خۆیان وەرگرتبێت.

- دوابەدوای خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کاردانەوەیەکی تۆڵەسەندنەوە؛ لایەنگرانی پارتی بارەگای بزوتنەوەی گۆڕانیان لە سۆران سووتاند، لە دهۆك و بادینانیش بارەگاکانی گۆڕان دەستیان بەسەرداگیراو تاڵانکران.

- بەرپرسێکی یەکیتی قوتابیانی پارتی، بەدەستی خۆی ئاڵای بزوتنەوەی گۆڕانی لەسەربانی مەکۆی دهۆك سووتاند و پۆلیس و ئاسایش هیچ هەنگاوێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەناوە.

- پاسەوانی بارەگای پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان کە لەسەر بوودجەی وڵات مووچەوەردەگرن جگە لە مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵك شتێکی تر نییە.

- گوللەکانی لقی چواری پارتی لە بەری خۆپیشاندەران زۆر زیاتربوون.

- گەنجێکی تر بەناهەق کوژرا و بنەماڵەکەی دەڵێن لە بکوژان خۆش نابین و هەقی خۆمان لە دادگا وەردەگرینەوە.

- بەپێی ئامارێك لە یەکەم رۆژی خۆپیشاندانەکەی ١٧ی شوباتی سلێمانی، ٤٧ کەس دەستگیرکراون ٢٣٢٣ کەسیش  برینداربوون.

- لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و رانیە و هەڵەبجە و پیرەمەگرون و گەرمیان، ٩ خۆپیشاندەر گیانیان لەدەستداوە و ١٠٠ کەسی تر بریندار بون و زیاتر لە ٢٥٠ خۆپیشاندەریش دەستگیرکراون.

- لە خۆپیشاندانەکەی رۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی٢٠٢٠، لە چەمچەماڵ دوو گەنج گیانیان لەدەست داوە و ١١ هاوڵاتی تر بریندار بوون.

بەو پێیە دەردەکەوێت، رۆژنامەی هاوڵاتی بایەخێکی زۆریداوە بەو توندوتیژیانەی لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکان بەجێهێنراون، کە پێی دەوترێت (توندوتیژی سیاسیی فەرمیی) کە دەریدەخات کراونەتە سەر چەند تویژێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دیاریکراوە و، هاوسەنگی لە نێوانیاندا پاراستووە، ئەوانیش بریتین لە:

- هاوڵاتیان (خۆپیشاندەرانی ئاسایی).

- چالاکوانانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی.

- چالاکوانانی سیاسیی بەرهەڵستکاری بێلایەن.

- هێزە ئۆپۆزسیۆنە سیاسییەکان.

- راکەیاندن و رۆژنامەنووسان و نووسەران.

٢- توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی:

رۆژنامەی هاوڵاتی لە ماوەی توێژینەوەکە و لە گوتاری رۆژنامەوانی خۆیدا (٢١) جار توندوتیژیی نافەرمیی (توندوتیژیی خەڵك لە دژی دەسەڵات و حکومەت) بڵاو کردۆتەوە، کە دەکاتە ١٧.٧٪ ی سەرجەم توندوتیژییە سیاسییە دووبارەبووەکانی ناو گوتارە رۆژنامەوانییەکەی. رۆژنامەی هاوڵاتی زیاتر لەڕێگەی هەواڵ و راپۆرتەوە رووماڵی توندوتیژییە سیاسییە نافەرمییەکانی کردووە و، کەمتر چووەتە ناو وردەکاریی و شرۆڤەکارییەکانەوە،

بەپێچەوانەی رووماڵکردنی توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی، کە بایەخێکی زۆرتری پێدراوە، بابەتەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی نافەرمیی واتە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن خەڵك و ئۆپۆزسیۆنەوە کراوەنەتە سەر حکومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکان، گوزارشتدەکەن لە:

-بەرپرسێکی باڵای سەربازیی دەڵێت: بزوتنەوەی گۆڕان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرنامەیان هەبووە پەلاماری بانکەکان و بارەگا حوکومیی و کۆمپانیا حزبییەکان بدەن.

-ئەگەر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بەو شێوە توندوتیژە بەڕێوەبچێت، دۆخەکە بەرەو کارەساتی گەورە ئاڕاستە دەبێت.

-ئەی خۆپیشاندەرە بوێر و ئازاکان پەنجەرەکانتان شکاند بۆ ئەوەی دەسەڵات گوێ لە داواکانتان بگرێت، بەڵام گوێیان نەگرت.

-دوو پێشمەرگە لە خۆپیشاندانەکان گیانیان لەدەستداوە، یەکێکیان پاسەوانی بارەگای پێنجوێنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و یەکێکی تر لە قەزای دوکان بووە.

## دەرەنجام:

١-رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە رووی چەندێتییەوە لە پێشەوەی رۆژنامەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دێت، کە بابەتی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی لەماوەی توێژینەوەکە لەخۆگرتووە، کە ٤١ ٪ ی کۆی بابەتەکان پێکدەهێنیت، بەدوایدا رۆژنامەی (هاوڵاتی) بەپلەی دووەم دێت، کە٣٦٪ کۆی بابەتەکانی پێکهێناوە و بەدوایدا رۆژنامەی خەبات دێت کە ٢٣ ٪ کۆی بابەتەکانی پێکهێناوە.

٢- هەردوو رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و خەبات) کە نوێنەرایەتی رۆژنامەی حیزبیی دەکەن، زیاتر جەختییان لەسەر ئەو توندوتیژییانە کردووە، کە لەلایەن خەڵک و بەرهەڵستکارانەوە، کراونەتە سەر دەسەڵات و حوکومەت، بەڵام رۆژنامەی (هاوڵاتی) کە نوێنەرایەتی کەرتی تایبەت دەکات، زیاتر جەختی لەسەر ئەو توندوتیژییانە کردووە، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوەتەسەر خەڵک و بەرهەڵستکاران و چالاکوانانی بواری سیاسیی و کۆمەڵگەی مەدەنیی.

٣- هونەری (وتار) ەناو قاڵبە هونەرییەکانی نووسینی رۆژنامەوانیی، بە پلەی یەکەم هاتووە، کە رۆژنامەکانی توێژینەوەکە بۆ رووماڵکردنی بابەتی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی، بەکاریهێناون، کە دەکاتە ٣٦.١ ٪ کۆی قاڵبەهونەرییە بەکارهاتووەکان. هەروەها بەدوایدا قاڵبی هونەریی (راپۆرتەهەواڵ) دێت، کە دەکاتە ٢٨ ٪ ی کۆی قاڵبە هونەرییە بەکارهاتووەکان، هەووەها هونەری (کاریکاتۆر) بەدواییـن قاڵبی هونەریی هاتووە بۆ رووماڵکردنی بابەتەکانی تایبەت بە کێشەی توندوتیژیی سیاسیی.

٤-جۆری توندوتیژیی (کوشتن) بە پلەی یەکەم هاتووە لەناو گوتاری رۆژنامەگەریی رۆژنامەی توێژینەوەکان کە دەکاتە ٢٧ ٪ ی سەرجەم جۆرەکانی توندوتیژیی سیاسیی فەرمیی، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوەتەسەر هاوڵاتییان و چالاکوانان. هەروەها بە پلەی دووەم جۆری (دەستگیرکردن) دێت، کە دەکاتە ٢٣.٣ ٪ ی سەرجەم توندوتیژییە سیاسییەکان.

٥-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەگەیەنن، کە توندوتیژیی بەکارهێنراو بەرامبەر (هاوڵاتییانی ئاسایی) بە پلەی یەکەم دێت، کە دەکاتە ٥٢.٣ ٪ ی سەرجەم ئەو کەس و کارەکتەرانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە.

٦-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەگەیەنن کە ئەو توندوتیژییانەی کە لەلایەن خەڵک و ئۆپۆزسیۆنەوە کراوەتە سەر لایەنەگرانی حوکومەت و دەسەڵات، بە پلەی یەکەم کراونەتەسەر(پۆلیس)؛ کە ٣٨ ٪ ی کۆی توندوتیژییەکان بۆ سەر ئەندامانی حکومەت پێکدەهێنێت و، بە پلەی دووەمیش کراوەتەسەر (کادری حیزبیی) کە ٣٤ ٪ پێکدەهێنێت و، بەدوایدا بە پلەی سێیەم ئەندامانی هێزی پێشمەرگە دێت کە ٢٨ ٪ پێکدەهێنێت.

٧-بەگشتیی، رۆژنامەکان لەسەر بنەمای بابەتیبوون و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی، کێشەی توندوتیژیی سیاسییان رووماڵ نەکردوە، بەڵکو وەها وروژاندویانە خۆیان بوون بە بەشێک لەبەرهەمهێنانی توندوتیژیی سیاسیی، بە جۆرێک رۆژنامەی کوردستانی نوێ و رۆژنامەی خەبات بەو پێیەی سەر بە حیزبی سیاسیین، بەشیک لە گوتاری رۆژنامەوانییەکەنیان تەرخانکردوە بۆ ئاراستەکردنی توندوتیژی سیاسیی بەبێ رەچاوکردنی لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی، هەروەها رۆژنامەی هاوڵاتی هەرچەندە رۆژنامەیەکی سەر بە کەرتی تایبەتە، لەزۆر دۆخدا بۆوە بە سەکۆی بەرهەڵستکاران و گوتاری توندوتیژیی تیایدا رەنگیداوەتەوە کە لە دژی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان کراوە بە ئامانج.

## راسپاردە و پێشنیازەکان:

لەبەر رۆشنایی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم راسپاردە و پێشنیارانەی بۆ لایەنە پەیوەندییدارەکان پێشکەشکردووە:

١- پێوستە رۆژنامەکان لەکاتی رووماڵکردنی رووداوە توندەکان، رەچاوی لێپرسراویتیی نووسین و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیی بکەن.

٢- نابێت رۆژنامەکان لە کاتی رووماڵکردنی دیاردەی توندوتیژیی سیاسیی، ببن بە بەشێک لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی سیاسیی، بەڵکو بە گوێرەی ئەرکەکانی رۆژنامەگەریی و میدیا، هەستن بە گواستنەوەی زانیاریی و شرۆڤەکردنی رووداوەکانی تایبەت بە توندوتیژیی سیاسیی لەسەر بنەمای بابەتیبوون و پیشەییبوون.

٣-توێژەر داوا لە رۆژنامە حیزبییەکان دەکات، باشتر وایە بوار بەو کادرە حیزبییانە نەدات، کە نووسەر نین و شارەزاییان لە بواری نووسیندا نییە، وتار لە رۆژنامەکانییاندا بڵاوبکەنەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کادری حیزبیین، چونکە وتارەکانییان سەرەرای ئەوەی رەگەزەکانی هونەری نووسینیان تێدا نییە، لە ئاکاری کاری رۆژنامەوانیش لادەدەن و گوتاری ئاگرین ئاڕاستەدەکەن، کە ئەوەش لەگەڵ ئەرک و بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسیی یەکناگرێتەوە.

٤- توێژەر داوادەکات: رۆژنامەکان لەکاتی ململانێ سیاسییەکان، بەتایبەتی لە کاتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان و هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، دوور بکەونەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی توند و توندوتیژیی وتەیی، کە لەرووی یاسا و ئیتیکی رۆژنامەوانییەوە رێگەپێدراو نیین.

٥-باشترە رۆژنامەگەریی کوردی بەگشتیی و رۆژنامەکانی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، هاوسەنگی رابگرێت لە نێوان گواستنەوەی هەواڵی توندوتیژیی سیاسیی و پێشکەشکردنی چارەسەرییەکان لەلایەن کەسانی شارەزا و پەیوەندییدار بە کێشەکە.

## ملخص البحث

هـذا البحث هـو مـن البحـوث الوصفيـة، توصـل البحـث الى نتيجـة ان هنـاك علاقـة ارتباطيـة بـين الصحافـة و العنـف السـياسي، و في الوقـت نفسـه فـان ظاهـرة العنـف السـياسي هـي ظاهـرة اجتماعيـة و لهـا الأثـر الاجتماعـي في المجتمـع. لكـن و بسـبب عـدم وجـود نظـام اعلامـي واضـح المعـالم أو الـلا نظاميـة في اقليـم كردسـتان العـراق، قـد أهملـت الصحافـة الكرديـة المسـؤولية الاجتماعيـة للصحافـة في تغطيـة احـداث العنـف السـياسي مـن حيـث الموضوعيـة و المهنيـة، خاصـة مـن قبـل الصحـف الحزبيـة التـي اصبحـت جـزا مـن العنـف في الصراعـات السياسـية مـن خـلال تقديـم الخطابـات الملتهبـة و بلهجـة متشـددة و التـى تـؤدي الى العنـف اللفظـي السـياسي، بسـبب تحيـز تلـك الصحـف الى الاحـزاب التـي ان تمولهـا .أمـا بالنسـبة للصحافـة الاهليـة في اقليـم كردسـتان العـراق فانهـا تنحـاز الى جهـات المعارضـة، بحيـث أصبحـت لسـان حـال لهـم احيانـا.و هـذا يـدل عـلى ان الصحافـة الكرديـة لم تقـم بـاداء وضيفتهـا الحقيقيـة مـن ناحيـة نقـل اخبـار الصراعـات السياسـية و تفسـيرها تفسـيرا موضوعيـا و اخلاقيـا و مهنيـا.و في ختامـه اثبـت بـان الصحيفتـي (كردسـتانى نـوي و خبـات) التـان ملكيتهـا الـى الاحـزاب السـلطة ، لقـد ركزتهـما اكـثر الـى (العنـف غيـر الرسـمي) اي نـوع العنـف الـذي يشـنه الشـعب عـلى السـلطة، لكـن صحيفـة (هاولاتـى) ركـز اكـثر الـى (العنـف الرسـمي) هـو العنـف الـذي تشـنهه السـلطة عـلى الشـعب.


**الكلمات المفتاحية: التغطية الصحفية، العنف السياسي، العنف السياسي الرسمي، العنف السياسي غير الرسمي.**


## Abstract

The study argues that there is direct connection between journalism and the phenomena of political violence which is social phenomena and has social implications. Due to unclear and the Blurry of media as well as journalism system, the newspapers without taking into considerations of principals' of objectivity and social accountability, engaged in covering political violence. Also in some cases they contributed in producing the discourse of political violence through encouraging and showing partiality to a specific party mainly by those newspapers which are representing political parties as well as the newspapers' belong to private sector, become supporters' of opposing characters and directs political violence discourse against the political authority. In other word, the Kurdish journalism do not perform its' functions which are determined regarding social, political spheres, as well as, transmitting news service and nterpretation of events. According to the study, the Kurdistani new newspaper comes with the first rank in terms of the quantity of covering political violence, while Hawlati is in the second rank and xebat is in the third rank. In addition, Kurdistani nwe and Xebat focused more on un-governmental political violence, but hawlati covered more governmental political violence.


Keywords: newspaper covering, political violence, governmental political violence, un-governmental

political violence

## سەرچاوەكان

(١)- شنطي ، الاء رجاء ، دور وسائل الاعلام في زيادة العنف السياسي في العمليات التغير السياسي، مصر نموجا. رسالة ماجستير، جامعة المنصورة ، كلية اداب، قسم الاعلام.

(٢) السبع وسام محمد ، معالجة الصحافة للقضايا العنف السياسي في مملكة البحرين، دراسة تحليلية مقارنة للصحيفتى أخبار الخليج و الوسط، رسالة ماجستير، جامعة الاهلية ، كلية الاداب و لاتربية و و العلوم ، قسم الاعلام، ٢٠٠٩ .

(٣). Beyene, Zeneb, the role of media in ethnic violence during political transition in africa ; the case of Rwanda and kenya, M.A. Dessertation (University of Nubraska, ٢٠١٢).

(٤) الكامل، فرج الكامل، بحوث الاعلام و الرئي العام، دار النشر للجامعات، القاهرة، ٢٠٠١ .

(٥)عزالدين ، احمد جلال، الارهاب و العنف السياسي، دار الحرية ، القاهرة، ١٩٨٦.

(٦)حسنين، توفيق ابراهيم، ظاهرة العنف السياسى فى النظم العربية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٩ .

(٧) علي اسماعيل مجاهد، التنبؤ العلمي كاساس للتخطيط الامني، ٢٠٠٥ ، القاهرة.

(٨) خوالدي، دليلة خوالدي، إشكالية العنف السياسي في العالم العربي، دراسة ماجستير، جامعة العربي بن مهدي، ام البوافي، كلية الحقوق و (٩)العلوم السياسية، ٢٠١٦ . ( ٩) المكي، رجاء المكي، إشكالية العنف المشروع، مؤسسة الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت ، ٢٠٠٨.

(١٠) حنفي ، حسن حنفي، الاصولية الاسلامية، مكتبة مدبولي، القاهرة ، ٢٠٠٧ .

(١١) ايبراهيم، احمد ابراهيم، فن كتابة الخبر و المقال الصحفي، دار العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٩ .

(١٢) ابو زيد، فاروق ابو زيد، فن كتابة الصحفية، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٧ .